هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
أدارة كرميـــــان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

أقليم كوردستان – العـراق
مجـلس الوزراء
وزارة الداخليـــة
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministries
Ministry of interior
Garmiyan Administration

ژمـــــارە : 1/ 1 /
ڕێکەوت : / 9 / 2022

No : / 1 / 1
Date: / / 2022

٢٧22 کوردی

# ئاگاداری زیادکردنی ئاشکرا

لـیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت سەر بە ئیدارەی گەرمیان هەڵدەستێت به فرۆشتنی کەلوپەلە لە کارکەوتووەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان و بەکرێدانی حانووتی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (1) ساڵی (2021) ئەو کەس و لایەنانەی کە ئارەزوی کڕینی کەل و پەل و بە کرێ گرتنی حانووتەکەیان هەیە دەتوانن سەردانی (بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان ) بکەن لە ڕۆژی دوای بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە، 49 بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەگەڵ هێنانی بارمتەی یاسایی بڕی (20%) پارەی خەمڵێنراو کە لە (150000) سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت بۆ کەل و پەلەکان و لە (180000) سەد و هەشتا هەزار دینار کەمتر نەبێت بـۆ حانووتەکە بە چەکێکی بانکی لە بانکێکی حکومی بێت زیادکردنەکە پاش ( 30) سی ڕۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئەنجام ئەدرێت لە کاتژمێری (10)ی سەر لە بەیانی لە ئیدارەی گەرمیان.

تێبینی : ڕۆرژی سێشەممە ڕێکەوتی 2022/10/18 ڕۆژی زیادکرنەکەیە لە کاتژمێر (10)ی بەیانی لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

لەگەڵ ڕێزدا ...

تێبینی //

- بە بێ پێدانی بارمتەی یاسایی کەس مافی بەشداربوونی نیە.
- ئەگەر بەرواری دیاری کراوی پشووی فەرمی بوو ئەوا زیادکردنەکە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمییەوە دوای پشوەکە ئەنجام دەدرێت.
- کرێی بڵاوکردنەوە و ئاگاداری و هەموو ڕسوماتێکی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.
- دەبێت ئەو کەسەی زیادرکردنەکەی بۆ دەردەچێت لەماوەی کەمتر لە (15) ڕۆژ کەل و پەلەکان بگوازێتەوە بەرامبەر هەر دوا کەوتنێک بە پێ ی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بە وەکالەت**

<u>وێنەیەك بۆ:</u>

- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان / بۆ کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سایتی ئیدارەی گەرمیان بۆ بڵاوکردنەوەی .
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ بڵاو کردنەوە.
- ڕۆژنامەی خەبات بۆ بڵاو کردنەوە.
- لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا لەگەڵ سەرەتاکاندا.